**Kurdistan Regional Government**
Council of Ministers
Ministry of Martyrs & Anfal Affairs

**حكومەتی هەرێمی كوردستان- عیراق**
**ئەنجومەنی وەزیران**
**وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفال كراوەكان**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری شەهیدانوئەنفال كراوەكان/ سلێمانی**
**(ب/كاروباری شەهیدان**

ژمارە: ١٦٠٧٢
بەروار: ٢٢/١٠/٢٠٠٧

## بۆ/«بەڕێزان لە ناوەندی چاك»
## ب/ڕوونكردنەوە

یەكەم:سەبارەت بەو بابەتەتان كە لە بەرواری(٢٠٠٧/١٠/١١)لە ژێر ناونیشانی لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری شەهیدانوئەنفال كراوەكان/سلێمانی بۆ نیگەرانە......)بە پێویستی دەزانین ڕوون كردنەوەمان لەو بارەیەوە بخەینە بەردەم بەڕێزتان.

١. ئەو نوسراوەی ئاڕاستەتان كرابوو فەرمی نەبووە نە بەڕێوبەری گشتی ونەجێگرەكان ئاگادارنەبوون بەڵكو وەڵامێكی نافەرمی كارمەندێكی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بووە.

٢. ئێمە هەر لە سەرەتای كاركردنمانەوە پاكسازیوچاكسازی لە ئەولەویاتی كارەكانماندابوە وەستایشی ڕۆڵی بە ڕێزیشتان دەكەین بۆ هەڵمەتەكەتان و ئاگادار كردنەوەمان لە هەر ناوێكی نەخوازراو كە لە ناو لیستی پیرۆزی شەهیدان دا بێت , بەڵێن دەدەینووەك پێشتر جێبەجێمان كردووە بە دواداچوونولێكۆڵینەوە بكەین لە سەر هەر زانیاری یەك كە بە دەستمان دەگات.

٣. دەكرێت ووردبینانەتر ئەو ناوانەمان بۆ دیاری بكەن كە خراونەتە ناو لیستی شەهیدان چونكە زۆرجار ناوە سیانی یەكان لە یەك دەچنوتێڕوانینی هەڵە دروست دەبێت كە ئەبێتە تێكچوونی باری دەروونی كەسوكاری سەربەرزی شەهیدانوكەسایەتیە

دڵسۆزوتێکۆشەرەکان,داواکارین نوێنەری چاك سەردانمان بکات لە نزیکەوە تەئکید لەو ڕاستیانە بکات وئامادەین بۆ زیاتر دڵنیابونیان بانکی زانیاری یەکانیشیان بخەینە پێش چاویان.

٤. دڵنیاتان دەکەینەوە ناوی وەك(مچەی ئەمە پووت ومفەوەز شمالْ)لە ناو لیستی شەهیدان بە هیچ جۆرێك تۆمار نەکراون وبەڕێزتان بۆ دڵنیایی دەتوانن بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون وسەیرکردنی هەموو دۆسیەکان سەردانمان بکەن , دەرگامان کراوەیە لەبەردەم بەڕێزتاندا.

دووەم: سەبارەت بەو بابەتەی کە لە بەرواری (٢٠٠٧/١٠/١٥) لە ژێر ناونیشانی ((دەزگای شەهیدانی یەکێتی لە جیاتی پاکسازی لیستەکەیان,شەهیدانەی شەهیدە سەربەرزەکان دەبڕن)).

بە پێویستی دەزانین بەڕێزتان و کۆمەڵانی خەڵك ئاگادار بکەین کە ئەوزانیاری یە دروست نی یەو مووچەی ئەو شەهیدە سەربەرزانە ڕانەگیراون , دوای ناڕەزایی بەڕێز کاك ((مستەفای حسن گەورە)وئەو بڕیارەی دابووی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ وارسی شەهیدەکان کرا بۆ ئەوەی دڵنیایان بکەینەوە مووچەی شەهیدە نەمرەکانیان بە هیچ جۆرێك نابڕێت وهەر پێویستی یەکی دیکەیان هەیە تاکو هاوکاری یان بکەین , هەروەها داوا لە برای بەڕێز کاك مستەفای حسن گەورە دەکەین خوێنی شەهیدە نەمرەکان تێکەڵ بە گلەیی وگازندەکانی خۆی نەکات , بەڵێن بە بەڕێزی ئەدەین سەردانمان بکات هەموو داوا ڕەواکانی بە چاوان جێبەجێ دەکەین.

عبدالكريم علي نجم

**بەڕێوەبەری گشتی**

وێنەیەك بۆ//

- کاروباری شەهیدان/هاوپێچ
- خۆیەتی